# سەمیر ئەمین
# کێ بوو؟



سەمیر ئەمین یەکێک بوو لە بیرمەندە بەرجەستەکانی چەپ، کە لە ڕێکەوتی (12ی ئابی 2018) لە پاریس کۆچی دوایی کرد. سەمیر لە (3ی سێپتەمبەری ساڵی 1931) لە باوکێکی میسری و دایکێکی فەڕەنسی لە قاهیرە لەدایکبووە. منداڵی و گەنجیی لە شاری پۆرت سەعید بەسەربردووە و لە خوێندنگەیەکی فەڕەنسی وانەی خوێندووە. لە ساڵی 1947ەوە تا ساڵی 1957 لە پاریس خوێندکاری زانکۆ بووە و ساڵی 1952 دیپلۆمی لە زانستە سیاسییەکاندا بەدەستهێناوە و دواتر ئامار و ئابووریی خوێندووە. دوای چوونی بۆ پاریس سەمیر پەیوندیی بە حزبی کۆمۆنیستی فەڕەنساوە کردووە و زۆری پێنەچووە کە لە مارکسیزمی یەکێتیی سۆڤێت دوور کەوتووەتەوە. ساڵی 1957 دکتۆرای لەسەر ڕێنمایی (فرانسوا پرو) بە ناوی «سەرچاوەکانی دواکەوتوویی: کەڵەکەکردنی سەرمایە لەسەر ئاستێکی جیهانی) نووسی. دواتر ناوی تێزی دکتۆراکەی گۆڕی بۆ (لێکەوتەکانی ستراکتۆری لێکدانی نێودەوڵەتی ئابورییە پۆست سەرمایەدارییەکان). دوای کۆتایی هێنانی بە خوێندن لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ قاهیرە و تا ساڵی 1960 لە (دامەزراوەی بەڕێوەبردنی ئابووری) کاری کردووە. ساڵی 1960 وەک ڕاوێژکاری وەزیر چوو بۆ (مالی) و تا ساڵی 1963 لەو پۆستەدا مایەوە. ساڵی 1963 پەیمانگای گەشەی ئابووریی ئەفەریقیا، پێگەیەکی توێژینەوەیی دا بە سەمیر و تا ساڵی 1970 لەو پەیمانگایە مایەوە. بە درێژایی ئەو ساڵانە لە زانکۆکانی (پواتیر) لە (داکار) لە سەنیگال و لە پاریس، پۆستی مامۆستای هەبووە. ساڵی 1970 بوو بە سەرۆکی پەیمانگاکە و تا ساڵی 1980 لەو پۆستەدا مایەوە و لەو ساڵەدا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، ئیدی لە ساڵی 1980وە وەک سەرۆکی کۆمەڵەی جیهانی سێیەم لە داکار درێژەی بە کاری توێژینەوە دا.

رادیکالیزمی سەمیر ئەمین لە دەیەکانی 1950 و 1960دا فۆڕمی وەرگرت. لەو ساڵانەدا کەسانی وەک (قەوام نەکرومە) لە غانا، (جولیۆس نایەرە) لە تانزانیا و (جەمال عەبدولناسر) لە میسر گەیشتبوونە دەسەڵات و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە کۆلۆنیالەکان لە ئەفەریقای باشوورەوە تا جەزائیر چالاک بوون. لەو ساڵانەدا ئەفەریقیا لەگەڵ ئەوەی دواتر لە خراپەکارییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕوویدا، زۆر جیاواز بوو، لەو ساڵانەدا بوو کە سەمیر وەک یەکێک لە ڕەخنەگرانی بەناوبانگ و ناسراوی سەرمایەداری و ئیمپراتۆریەت ناسرا و لەم چوارچێوەیەدا دەستی نەپاراست لە ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسی (بە شێوەیەکی گشتی هەموو سوودوەرگرتنێکی سیاسی لە ئایین) و مارکسیزمی یۆرۆ سەنتەریست. ئەگەر ڕێگەمان پێبدرێت کە تێڕوانینەکانی سەمیر کورت بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە بە بۆچوونی سەمیر، سەرمایەداری جیهانی کە لە واقیعدا دەسەڵاتداری ئۆلیگارشییە لە جیهاندا، پێگەی خۆی بە دروستکردن و پاراستنی پێنج هەژموون بەردەوامی پێداوە:

-کۆنترۆڵی تەکنەلۆجیا.

-کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان.

-کۆنترۆڵی سەرچاوە داراییەکان.

-کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان.

-کۆنترۆڵی ئامرازەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.

لە ڕوانگەی سەمیرەوە تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە گەشە و خۆشگوزەرانی، لەناوبردنی ئەو هەژموونانەیە. هەر کارێک کە ئەو پێنج هەژموونە نەکاتە ئامانج، سەرکەوتوو نابێت. ئەو لەگەڵ هاوکارانی وەک (ئاندرێ گوندر فرانک)، جیهانی بۆ (ناوەند) و (پەراوێز) دابەش کرد، وڵاتانی (پەراوێز) ئەو وڵاتانە بوون کە بە ناوی (وڵاتانی باشوور) یان (وڵاتانی دواکەوتوو) ناسرابوون. ڕۆڵی ئەو وڵاتانە بەرهەمهێنان بوو بۆ خستنەڕوو لە وڵاتانی (ناوەند) و بەتایبەتی ئەمەریکای باکوور و



**سەمیر شۆڕشی یەك شەوەی پەسەند نەبوو. ڕوودانی شۆڕش و دواتر دەستپێکردنی قۆناغی سۆسیالیزم لە تێروانینی ئەودا نامومکین بوو**

ئەورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن. کێشانەوەی سوود لە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەفەریقیا، بەرزبوونەوەی نرخی ئاڵوگۆڕ لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا لە زیانی بەرهەمهێنەرانی مادە سەرەتایی و خاوەکان بوو و ڕێگەی لە گەشەی ئەو وڵاتانە دەگرت و تەنیا بینەری سوود وەرگرتن دەبین لەو وڵاتانە.

تێروانینی سەمیر لە بارەی دواکەوتوویی بە وردی دژی ئەو تێروانینە ڕەسمییە بوو کە بابەتاکانی ئەفەریقیای بە هۆی ئەوە دادەنا کە بە ڕێژەی پێویست تێکەڵی ئابووریی جیهان نەبووە. لە کاتێکدا کە سەمیر پێیوابوو گرفتەکە ئەوەیە کە ئەفەریقا بە شێوەیەکی زیانبار تێکەڵی ئابووریی جیهان بووە. تا ئەو کاتەی ئەو پێنج هەژموونە بەردەوامییان هەبێت، پرۆسەی ئێستای بەجیهانیبوون بەردەوام دەبێت، کارگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە زۆربەی وڵاتانی (پەرزویز)دا دروست دەبن و پەرەدەسەنن، چونکە نابنە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی باڵادەستی سەرمایەی باکوور. لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت، کە بە کەمکردنەوەی ئاستی واقیعی موچە و لەناوبردنی بنەمای پیشەسازی لە ژمارەیەک وڵات (کە لە واقیعدا سەندیکای کرێکاریی بەهێزیان هەبوو) ئەم دۆخە هەژموونییە لە جاران خراپتر بووە.

یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتە تیۆرییەکانی سەمیر تێروانینی ئەوە لە بارەی (پچڕاندنی پەیوەندیی ئابووری). سەمیر پێیوابوو کە وڵاتانی (پەراوێز) پێویستە لە تێکەڵبوونی سوود کێشانەوە لێیان و چەوساندنەوە و بەکارهێنانیان دووربکەونەوە، بە دەربڕینێکی تر پرۆسەی بە جیهانیکردن پێچەوانە بکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئەو باوەڕی بە خواستنی پەراوێزیی ئابووری نەبوو، خاڵێک کە ژمارەیەک لە ڕابەرانی سۆسیالیستی ئەفەریقا باوەڕیان پێی هەبوو، سەمیر پێیوابوو نابێت لە پێگەی لاوازیدا خۆت بخەیتە ناو ئەو تێکەڵ بوونەوە. لە ڕوانگەی سەمیرەوە ولاتانی تازە گەشەسەندوو پێویستە ئابوورییەکەیان بە دەستوەردانی کاریگەری دەوڵەت، کۆنترۆڵی سەرمایە و دارایی کە دەبرێتە دەرەوە، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی تری (پەراوێز) بەڕێوەببەن. بە بۆچوونی سەمیر کەرتی دارایی و ئابووری پێویستە بە نیشتیمانی بکرێت و شێوازەکانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانیش پێویستە لەژێر چاودێرییدا بن. پەیوەندیی نێوان نرخەکانی ناوخۆ و نرخە جیهانییەکان پێویستە بپچڕێنرێن و دەبێت ئەم وڵاتانە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە کۆنترۆڵی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان

(بۆ نمونە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی) کار بکەن.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێڕوانینی سەمیر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە 40 ساڵە بەپێی ڕێنماییەکانی سەمیر، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەم وڵاتانە پێویستە هەناردەکردن زیاتر بکەن و بەم شێوەیە گرفتەکانیان کەمتر دەبێتەوە. دارایی گشتی و سەرچاوە سروشتییەکانیشیان بە کەرتی تایبەت سپارد و تا ئەو شوێنەی کە توانای چاودێرییان لەسەر کەرتی ئابووری نەهێشت. لێکەوتەکان لەوە ئاشکراترن کە بتوانرێت بشاردرێنەوە. هەژاری و نەبوونی و نایەکسانی لەم وڵاتانە زۆرە. لەم ساڵانەی دواییدا پاساوی نوێیان دۆزیوەتەوە. (حوکمڕانی باش)، (هەژاری) (کۆمەڵگەی مەدەنی)، بەڵام ئەو پرسیارەی کە کەمتر گرنگیی پێدەدەن ئەوەیە کە ئەم هەژارییە بەرفراوانە بۆچی و چۆن دروستکراوە؟ حوکمڕانیی باش واتا باش بۆ کام گرووپ و چینی کۆمەڵایەتی؟

لەم ساڵانەشدا کە سیستمی سەرمایەداری گرفتاری یەکێک لە قورسترین قەیرانەکانی مێژووی خۆیەتی، بە وتەی سەمیر بابەتەکانی ئێستا لەناو ئەم سیستمەدا ڕێگەچارەیان نییە. هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکە وەک سەمیر ئاماژەی پێداوە



*Samir Amin*

زیاتر کەرتی داراییە، بە وتەیەکی تر ئەگەر بە زمانی پارە دەریببڕین بە شێوەیەکی ڕوولەزیادبوون پارەیەکی کەمتر لە چالاکییە بەرهەمهێنەکان بەدەست دێت و بەشێک کە ڕۆژانە ڕووی لە زیادبوونە، بووە بە (ڕێنت) کە لە ڕاستیدا نوێترین شێوازی دزینی سەرمایەیە لە جیهان. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە ئابووریشدا ئەوەیە کە خودی دیموکراسیی ڕۆژئاوا بۆ کاریکاتێرێک گۆڕاوە. سەرمایەداری لە خۆیدا پشتی بەستووە بە پرۆسەی بەردەوامی داماڵینی خاوەندارێتی بۆ کۆکردنەوە و گەشەپێدانی خۆی. لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەرمایەداری ئەوروپا بێ دەسەڵاتداری بەسەر ئەو بەشەی جیهاندا کە سەرچاوەی زیادەیان هەبوو، نامومکین بوو. دڵنیاییش بۆ ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمانەدا لە ئەوروپا خاوەندارێتییان لێسەندرایەوە، توانای کۆچ بۆ (جیهانی نوێ) بە دیاریکراوی بۆ ئەمەریکا و تا ڕێژەیەک بۆ ئوسترالیا بوو.

سەندنەوەی خاوەندارێتی لە جوتیاران لە باشوور بۆ دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتی زۆر پێویستە و دەبێت بۆ گەیشتن بە پاراستنی خواردەمەنی و دژایەتی (خواردنی زەوی)، هەروەها بۆ بەرگری لە خەڵکانی ڕەسەن هەوڵبدرێت. بۆ سەمیر جوتیاری نەک

تەنیا هەڵێکی ئاڵتوونی پێشکەش دەکات، بەڵکو بوونی جوتیاران (بە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جیهان) گرفتێکی گرنگە بۆ سەرمایەداری ئێستا. بۆ سەمیر ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزم ئەوەیە، کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و ناوچەیی سەندنەوەی خاوەندارێتی لە جوتیاران بوەستێنرێت و پشتیوانی لە بەرهەمی کشتوکاڵی ڕەسەن بکرێت و دڵنیا بین کە وڵاتان ئاسایشی خۆراکیان هەیە و پەیوەندیی نرخە ناوخۆییەکان لەگەڵ نرخە جیهانییەکان پچڕاوە. ئەگەر بتوانین لەم بابەتانەدا سەرکەوتوو بین نەک تەنیا سەندنەوەی خاوەندارێتی لە جوتیاران دەوەستێت، بەڵکو کۆچکردنی ئەوان بۆ شارەکانیش دەوەستێت.

سەمیر شۆڕشی یەک شەوەی پەسەند نەبوو. ڕوودانی شۆڕش و دواتر دەستپێکردنی قۆناغی سۆسیالیزم لە تێروانینی ئەودا نامومکین بوو. ئەو لە جیاتی ئەوەی کە باس لە (سۆسیالیزمی سەدەی 21) بکات، جەختی لەسەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە ڕێگەی تێپەڕین بەرەو سۆسیالیزم دووردرێژە.

بیرەوەرییەکانی سەمیر ئەمین بە ناوی (یادەوەرییەکانی مارکسییەکی سەربەخۆ) پێش مردنی ئامادە بوو بۆ چاپ و چاپەمەنی (مانتلی ڕیڤیە) لە ساڵی (2018)دا بڵاوی کردەوە.

**کتێبەکانی سەمیر ئەمین بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی:**

-1957, Les effets structurels de l›intégration international des économies précapitalistes. Une étude théorique du mécanisme qui an engendré les éonomies dites sous-développées (thesis)

-1965, Trois expériences africaines de développement: le Mali, la Guinée et le Ghana

-1966, L›économie du Maghreb, 2 vols.

-1967, Le développement du capitalisme en Côte d›Ivoire

-1969, Le monde des affaires sénégalais

-1969, The Class struggle in Africa

-1970, Le Maghreb moderne (translation: The Magrheb in the Modern World)

-1970, L›accumulation à l›échelle mondiale (translation: Accumulation on a world scale)

-1970, with C. Coquery-Vidrovitch, Histoire économique du Congo 1880–1968

-1971, L›Afrique de l›Ouest bloquée

-1973, Le développement inégal (translation: Unequal development)

-1973, L›échange inégal et la loi de la valeur

-1973, Neocolonialism in West Africa [2]

-1973, ‹Le developpement inegal. Essai sur les formations sociales du capitalisme peripherique› Paris: Editions de Minuit.

-1974, with K. Vergopoulos: La question paysanne et le capitalisme

-1975, with A. Faire, M. Hussein and G. Massiah: La crise de l'impérialisme

-1976, 'Unequal Development: An Essay on the Social Formations of Peripheral Capitalism› New York: Monthly Review Press.

-1976, L›impérialisme et le développement inégal (translation: Imperialism and unequal development)

-1976, La nation arabe (translation: The Arab Nation)

-1977, La loi de la valeur et le matérialisme historique (translation: The law of value and historical materialism)

-1979, Classe et nation dans l›histoire et la crise contemporaine (translation: Class and nation, historically and in the current crisis)

-1980, L›économie arabe contemporaine (translation: The Arab economy today)

-1981, L›avenir du Maoïsme (translation: The Future of Maoism)

-1982, Irak et Syrie 1960–1980

-1982, with G. Arrighi, A. G. Frank and I. Wallerstein): La crise, quelle crise? (translation: Crisis, what crisis?)

-1984, ‹Was kommt nach der Neuen Internationalen Wirtschaftsordnung? Die Zukunft der Weltwirtschaft› in

-2008, with James Membrez, The World We Wish to See: Revolutionary Objectives in the Twenty-First Century

-2009, ‹Aid for Development› in ‹Aid to Africa: Redeemer or Coloniser?› Oxford: Pambazuka Press

-2010, ‹Eurocentrism - Modernity, Religion and Democracy: A Critique of Eurocentrism and Culturalism› 2nd edition, Oxford: Pambazuka Press [5]

-2010, ‹Ending the Crisis of Capitalism or Ending Capitalism?› Oxford: Pambazuka Press

-2010, ‹Global History - a View from the South› Oxford: Pambazuka Press

-2011, ‹Maldevelopment - Anatomy of a Global Failure› 2nd edition, Oxford: Pambazuka Press

-2011, ‹Imperialsim and Globalization› : Monthly Review Press

-2013, ‹The Implosion of Contemporary Capitalism› : Monthly Review Press

-2016, ‹Russia and the Long Transition from Capitalism to Socialism›: Monthly Review Press

-Modern Imperialism, Monopoly Finance Capital, and Marx's Law of Value: Monthly Review Press

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی (نقد اقتصاد سیاسی)

-1994, L›Ethnie à l›assaut des nations

-1995, La gestion capitaliste de la crise

-1996, Les défis de la mondialisation

-1997, ‹Die Zukunft des Weltsystems. Herausforderungen der Globalisierung. Herausgegeben und aus dem Franzoesischen uebersetzt von Joachim Wilke› Hamburg: VSA.

-1997, Critique de l›air du temps

-1999, «Judaism, Christianity and Islam: An Introductory Approach to their Real or Supposed Specificities by a Non-Theologian» in «Global capitalism, liberation theology, and the social sciences: An analysis of the contradictions of modernity at the turn of the millennium» (Andreas Mueller, Arno Tausch and Paul Zulehner (Eds.)), Nova Science Publishers, Hauppauge, Commack, New York

-1999, Spectres of capitalism: a critique of current intellectual fashions

-2000, L›hégémonisme des États-Unis et l›effacement du projet européen

-2002, Mondialisation, comprendre pour agir

-2003, Obsolescent Capitalism

-2004, The Liberal Virus: Permanent War and the Americanization of the World

-2005, with Ali El Kenz, Europe and the Arab world; patterns and prospects for the new relationship

-2006, Beyond US Hegemony: Assessing the Prospects for a Multipolar World

‹Rote Markierungen International› (Fischer H. and Jankowitsch P. (Eds.)), pp. 89–110, Vienna: Europaverlag.

-1984, Transforming the world-economy? : nine critical essays on the new international economic order.

-1985, La déconnexion (translation: Delinking: towards a polycentric world)

-1988, Impérialisme et sous-développement en Afrique (expanded edition of 1976)

-1988, L›eurocentrisme (translation: Eurocentrism)

-1988, with F. Yachir: La Méditerranée dans le système mondial

-1989, La faillite du développement en Afrique et dans le tiers monde

-1990, with Andre Gunder Frank, Giovanni Arrighi and Immanuel Wallerstein: Transforming the revolution: social movements and the world system

-1990, Itinéraire intellectuel; regards sur le demi-siècle 194590- (translation: Re-reading the post-war period: an Intellectual Itinerary)

-1991, L›Empire du chaos (translation: Empire of chaos)

-1991, Les enjeux stratégiques en Méditerranée

-1991, with G. Arrighi, A. G. Frank et I. Wallerstein): Le grand tumulte

-1992, ‹Empire of Chaos› New York: Monthly Review Press.